# ڕووڕەشی بۆ ئێوە بکوژانی دوعا

لە ڕۆژی٧ی مانگی ئاوریل، کیژێکی لاو، کە دڵی پڕ بوو لە هەزاران هیوا و ئاوات، بە شێوەیەکی دڕندانە و وەحشییانە بە شەق و پێلاقە و بەردبارانکردن کوژرا. ئەم جنایەتە، فیلمی لێ هەڵگیرا و لە سایتەکانی ئەنترنێتدا بڵاو کرایەوە. ئەم فیلمە، وەبیرهێنەرەوەی ئەو فیلمانەیە کە لەوێدا، چەقەڵ و کەمتیارە برسییەکان بە کۆ هەڵدەکوتنە سەر کەرویشکێکی بێدەسەڵات و لە چاوتروکاندنێدا ونجڕونجڕی دەکەن. چاولێکردنی ئەم فیلمە، کزە لە جەرگی بینەر دێنێت و بێ ئیختیار فرمێسک بە چاودا دیتە خوار.

دوعا کە تەمەنی ١٧ ساڵ بوو، بوو بە قوربانی کۆنەپەرستی، پیاوەزنی، دواکەوتوویی و یاسای جەنگەڵ. ئەوانەی کە دوعایان بە تاوانی دڵداری و ئەوینداری کوشت، بێگومان بە قەولی کوردی " هەزاران داوێنپیسییان کردووە" بەڵام ئێستا بونەتە "پارێزەری داوێن پاکی". لە هەموو سەیرتر ئەوەیە کە یەکێک لەم کەسانەی کە چاو لە ئیعدامەکە دەکات، بۆ ئەو گرنگ نییە کە لەبەر چاوی ئەودا کەسێک لەت لەت دەکرێت، بەڵکو نابێت لاق و لەتەری دوعا لە کاتی ئیعدامکردندا بەدەرەوە بێت.

کوشتنی دوعا، ئیعدامی ئاشکرایە، بۆ چاوترسێن کردنی کیژانی لاو، ژنان، ئازادیخوازان و ئەو کەسانەی کە پارێزەری مافی ژنن. کوشتنی دوعا ئاسایی کردنەوەی کوشتار، ئیعدام و ڕەشەکوژی ئەو لاوانەیە کە بازنەی دواکەوتوویی و پیاوەزنی دەپچڕێنن. ئەم بکوژانە بەخەیاڵن کە، بەم چەشنە ئیعدامی ئاشکرایە، بەو لاوانەی کە بیری پێشکەوتنخوازانەیان هەیە و دژ بە داب و نەریتی کۆن و دواکەوتوون، چۆک دابدەن. ئەم جنایەتە، چاوترسێن کردنی ئەو لاوانەیە کە بیروبۆچوونی مۆدێرن ونوێیان هەیە و دەیانهەوێت ئەو جۆرەی کە لە دونیای پێشکەوتووی ئەمرودا باوە، بژین وناچنە ژێر باری بیروباوەری دواکەوتوو، عەشیرەتی و "نامووس و شەرەف" پارێزییوە.

کوشتنی دوعا، دووپات بوونەوەی ئەو قەتڵ و کوشتارانەیە کە، لە ماوەی یەک مانگی رابوردودا، لە چەند شوێنیتردا وەک هەولێر، دەربەندیخان و...، دەرحەق بە کچان و ژنان لە ژێر ناوی نامووسپەرستیدا ئەنجامدراوە. دەزگاکانی حکومەت، بەرپرسیارن کە قاتڵانی دوعا بە ئاشکرا و لەو شوێنەی کە دوعا ئیعدام کرا، محاکمە کرێن و بە سزای خۆیان بگەن. هەر چەشنە کەمتەرخەمیی لەم بارەوە، لە خزمەت بکوژان و بەرژەوندی ئەوان دایە. پارێزەرانی مافی مرۆڤ\ ژنان، ڕێکخراوە سیاسییەکان و هەر ئینسانێکی ئازادیخواز پێویستە شێلگیرانە بۆ بنەبڕکردنی ئەم کوشتارانە، لە هەر ڕێگایەکەوە بۆیان دەگونجێت، تێبکۆشن.

ئەم ئیعدامە ئاشکرایە، وەبیرهێنانەوەی ڕووداوێکی ناخۆشە کە نزیک بە ٤٠ ساڵە لە مێشکمدا نەخشی بەستووە و ناسڕیتەوە. لە بەربەیانی ڕۆژێکی بەهاردا، ساڵی ١٣٤٨، کە منال بووم، دایەگەورەم کە پیرەژنێکی نەخوێندەوار بوو و زمانی فارسی نەدەزانی، لە خەوی ڕاپچڵەکاندم و گوتی:" ڕۆڵە هەستە بزانە چ خەبەرە؟ ژەندەرمەکان جاڕ دەکێشن، وێدەچێ شتێک قەوماوە". کاتێک کە گوێم لە بڵندگۆکە ڕاگرت، دەیگوت:" امروز ساعت ٨ صبح، ٢ نفر از اشرار بجرم اقدام علیه امنیت کشور اعدام و به سزای اعمال خود میرسند". ئەوەم کە بیست، ڕام کرد بەرەو ژەندەرمری، کە لەوێ نزیک بە٥٠٠ تا ١٠٠٠ نەفەر کۆ ببوونەوە، و دیوارێکیان بە پەت و دار ڕاکێشابوو بۆ ئەوەی کە خەڵک لەوە زیاتر نەترازێن. ٨ تا ١٠ ژەندارم بە چەکەوە و بەرپرسەکەیان لە تەنیشتەوە وەستا بوون. فەرماندەی ژەندەرمری چووە سەر کورسییەک و دەستی کرد بە خوێندنەوەی "تاوانەکانیان". ئەم ٢ نەفەر بە نێوی "کورەکانی شوانە" خەڵکی مەنتەقەی "فەیزوڵڵابەگی" سەقز بوون. کاتی ئیعدامیان، بە چەند ماشین هێنانیانە بەر پەتی ئیعدام، ٢ کەس لە تەمەنی٢٥ و ٣٨ ساڵەدا بوون. کاتێک کە پرسیاریان لێکرا، ئەوان ڕایانگەیاند کە بێتاوانن و لەخۆڕا ئیعدام دەکرێن. برای چکوولە چاوی بەست، چونکا حەزی نەدەکرد چاوی بە قاتڵانی خۆی بکەویت، بەڵام برای گەورە نەتەنیا چاوی نەبەست بەڵکوو شێرانە بەربووە قسەگوتن بە حکوومەتی پاشایەتی پەهلەوی.

ئەو ئیعدامە، کە دوا بە دوای شەری چەکداریی بەسەرداسەپاوی ١٣٤٧/١٣٤٦ ( دەستەی ناسراو بە سمایلی شەریفزادە، مەلا ئاوارە و مینەشەم) بوو، بۆ هەرەشە و چاوترسێن کردنی خەڵکی کورد بوو. لەو سەردەمەدا، زۆرجار کەلاکی جاش و ژەندەرمە دەهاتەوە شاری بۆکان کە لە گەڵ ئەم پێشمەرگانەدا کەوتبوونە شەڕی چەکدارییەوە. حکوومەتی پەهلەوی دەیهەویست بەم جۆرە، هەر چەشنە دەنگێکی ئازادیخوازیی، داکۆکی لە مافی نەتەوایەتیی خەڵکی کورد و پشتیوانیی لەگەڵ ئەم جووڵانەوەیدا بخنکێنێت. ڕژیمی شا تێدەکۆشا بە زەبری ئیعدام، ڕاگەیەنێت کە: ئەو کەسانەی کە دژ بە حکوومەتی ئەو ڕاوەستن، ئاکام و داهاتوویان وەک کوڕەکانی شوانەی لێدێت.

ئەگەر حکوومەتی شا، سەدام و دەیان دیکتاتۆری دی کەوتنە زبڵدانی مێژووەوە، کۆنەپەرستان و ئەوانەی مێشکیان وەک ١٠٠٠ ساڵ لەوەبەر کار دەکات هەر ئەم چارەنووسەیان دەبێت.

هاشم ڕەزایی

hashem٩١@hotmail.com ٢٠٠٧-٤-٢٨